# شەق بوەشێنە ئەی دەبەنگ

هیوا قادر

ئەو سەعاتەی بیستم سەری ئاسۆس هەردیان شکاندووە، من لە ماڵەوە دەستم بۆ سەری خۆم برد، نەک لەترسا، بەڵکە لەبەر عەزابی شکاندنی ماناکانی ئازادیی، شکانی سەری هەرچ کەسێک بەو شێوە ترسنۆکانە شکانی مانا و هەیبەتی ئازادییە، لەلایەن ئەو کەسانەوەی کە رۆح و خەیاڵیان کۆیلەیە، ئەوەی نەزانێت ئازادی چەند دەستکەوتێکی جوان و چ سەروەتێکی گەورەیە بۆ بەهای ئینسان بوون، تا ئەبەد لەناو بەندیخانەکەی سەری خۆیدا هەم کۆیلەیەکی زەلیلە و هەم وەردییەوانێکی نابینا.

ئەوەی لە ماناو خەتەری پەلاماردانی ئازادی تێنەگات، مانای وایە هەرگیز لە ژیانیدا لەو چێژەی نەچەشتووە کە ئینسانبوونی خۆی پێ ئەناسرێتەوە. ئەو سیاسییەی ترسی پەلاماردانی ئازادی نەیترسێنێت، ناوسکی پڕە لە دیکتاتۆری بچووک و وەک دوپشکێکی مێ دیکاتۆرە بچووکەکان ناوسکی هەڵئەدڕن و ئەیکەن بە یەکەم ژەمە خواردنی خۆیان.

ئەو دەسەڵاتدارە بە ناو سیاسیی و مقاولە تازەیەی حیزبی کوردیی، کە کاتی خۆی شەقوەشاندنی حیزبی بەعس ناردییە شاخ، ئێستا خۆی بەهامەن شێوە کە قسە ئەکات، قسەکانی شەق وەشاندنە و کە تورەش ئەبێت پیاوەکانی ئەنێرێت بۆ شەقوەشاندن. ئەوەی کە ئەم کارە ئەکات خاوەنی عەقڵییەتێکە ماناکانی تۆڵەکردنەوە و ئیهانەکردنی ئینسان لە سەرشکاندندا ئەبینێتەوە، ئەم جۆرە ئیهانەکردنانە هی عەقڵییەتی ئەو جۆرە پیاوانەیە، کاتێک کە لە شاخ گەڕانەوە کۆمەڵێک پیاو بوون لە دوکەڵ کە ئاگر بەجێیهێشتبوون، ئەوان باش ئەیانزانی بۆ ئەوەی لە شاردا ببینرێن ئەبوو ئاگرێک بکەنەوە، ئەوەبوو ئاگری شەڕیان هەڵگیرساند و کۆمەڵگەی کوردیان هەلاهەلاکرد، دواتر سوێندیان بە گۆڕی شەهیدەکانیان خوارد، لەبری ئاگری شەڕ ئاگری پارەیان هەڵبژارد، ئێستا ئەم پیاوە بریقەدارانەی ئەمڕۆ، وێنەی دوکەڵبوونی دوێنێی خۆیان لەبیرچۆتەوە، هیچ وەفایان بۆ ئەو جوتە پاتە دڕاوانەی دوێنێی خۆیان نییە کە لە شاخەوە پێی گەیشتنەوە بۆ شار.

سەیرکەن داهێنەرە کوردەکان و منەوەرە کوردەکانی کە جێی شانازی ئەم کۆمەڵگەیەن کێ گۆڕە ویران و گۆڕە ون و غەریبەکانیان ئەدۆزێتەوە، بەراوردی کەن بە گۆڕی سیاسییەکان و خۆتان جیاوازییەکانییان ببینن. بەڵام ئەوەندەی لە ڕۆژێکدا بە جوانی و خۆشەویستییەوە ناوی نالی و مەحوی و گۆران و پیرەمێرد دێت، سەد هێندە بە ناشیرینییەوە ناوی یەک بەیەکی سیاسییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدێت. جیاوازییەکانی ئەوانەی سەریان ئەشکێت و ئەوانەی سەر ئەشکێنن، ئەوەیە ئەوان کە ئەمرن خەڵکی گوڵ ئەخاتە سەر گۆڕەکانیان، بەڵام کە ئێوە ئەمرن، ئەبێت لە مردنیشدا پاسەوانەکانتان گۆڕەکانتان بپارێزێت.

ئەم سەرشکاندن و هەڕەشانە دیسانەوە سەری ئەو بورکانە هەڵئەداتەوە کە ١٧ی شوباتی دروستکرد، ئێوەش ترسی ئەو ڕۆژانە لەکەس مەپرسن، تەنها لە دڵی ترساوی ئەو دەسەڵاتدارانە بپرسن کە چۆن لە کۆشکەکانی خۆیاندا ترس داگیری کردبوون.

ئەو سیاسییەی لە ماناکانی توڕەبوون تێنەگات، تورەبوون کورسییەکەی ئەشکێنێت، ئەو سیاسییەی شکانی سەری هاوڵاتیەکی بە شکانی سەری خۆی نەزانێت، خۆی سەری ئەشکێت. ئەو سیاسییەی ناشیرینی خۆی نەبینێت، هەمووان بە ناشیرین ئەزانێت، بۆیە کە ئەمرێت زۆر تەنها و ناشیرینانە ئەمرێت، ئەگەر هاتو سوپایەک لە سەرباز و شەقوشێن لە پشتی تەرمەکەشیەوە بڕۆن.